# ئەو كورسیە گیراوە..!

محەمەد گەلاڵەیی

زانكۆی سەلاحەددین_بەشی مێژووی كورد

Mohammad_soran@yahoo.com

لە دیاردە سەیرو سەمەرەكانی ناو زانكۆكەماند كە لە هەموو كۆلێژەكانیشدا بەر چاوە ئەویش كە لەیانەكانی نانخواردن‌وقاوەخواردنەوەی خوێندكاراندا دەبینرێت كە لە راستیدا جێگای حەسانەوەی خوێندكارە بۆ ئەوەی چەند چركەێك مێشكە ئاڵۆزاویەكەی پێ سافكە،كە كاتێك بتەوێت دابنیشی‌وپاڵدانەوەیەك وەربگریت،یەكسەر كەسێك دەڵێت كاكە ئەو كورسیە گیراوەویاخود ئەو برادەرە رۆویشتووە وئێستا ێتەوەودووبارە ببوورە گیانەكەم ..!ئەم قسانەودیاردەیە بە درێژایی ئەو سێ ساڵەی زانكۆ بەردەوام گوێ بیستیان دەبم وناشزانم پێش من هەبووە یان نەء ..!بەتایبەتیش ئەو كاتانەی كە زۆر ساردە یاخود گەرمە یانەی كۆلێژەكەمان پڕدەبێت لە خوێندكار كە جێگا نییە لێی دانیشی‌ودەرفەتێك وەردەگریت بۆ ئەوەی بزانی كەسێك هەڵدەستێت‌و دەچێت ئەوەی تەنیشت كورسیەكە وەڵلا گێراوە بۆ فلاَن كەس‌و ئێستا چووە قاوەوبیبسی یەك بێنێت.بۆیە زۆر سەرسامم بەبیستن‌ودیتنی ئەم دیاردانەوئەو جۆرە وەلاَمانە كە سەیرتریش لەوەیە تۆ پرسیارت نەكردووە وەلاَمت بۆ دروست كراوەورووبەرووت دەبێتەوە،كە شوێن نیە تۆی تێدا دانیشی پێش هەموو شتێك كورسیەكە ماڵی كەسمان نیە بۆ ئەوەی داگیری بكەین بەڵكو بۆ كاتێكە حەسانەوە وەربگرین ئەویش دەیكاتە ماڵی خۆی‌وپۆزی پێ لێدەدات كە من رەفز كاتەوە بەهۆی كورسیەك،كە لەناوەرۆكی دیاردەكەش بدوێن‌وشیكاری بۆ بكەین دەبینین ئەو گەنجە كە خوێندكاروقوتابی‌وفێرخوازە هەمووی یاخی‌تورەوترۆیە لە سیاسەت‌و دەستەلاَت‌وكۆمەڵگاوئاین‌و مەسەلە رۆشنبیری‌وهونەریەكان..هتد.كەچی بەم شێوەیەش هەڵسوكەوت لەگەڵت دەكات گەر نموونەیەك بێنینەوەو بڵێن بەیانی مەسئول‌ودەستەلاَتدارێكی سەر كورسی بڵێن:ئەرێ كاكە ئەو كورسیە چۆڵ ناكەیت‌و تۆ پیری‌ونەخۆشی‌وشارەزا نی لە بواری كاركردنداو ئەو داوایەی لێبكەیت دەبێ چۆن وەلاَمبداتەوو دەبێ چاوەروانی وەلاَمە بەسەبروزەبرەكەی بین..! ئەی خوێندكاری ئازیز جا گەر وابروات نابێت گلەیی لەوان بكەین‌وبا لەخۆمانەوە دەست پێ بكەین‌وكە خوێندكاری زانكۆین بۆ وابین‌و گلەیش لە وان بكەین دەبێت بەخۆداچوونەوە هەبێت نەك خۆگێل كردن‌ورابواردن چونكو ئەمە جۆرە پاشخانێك دێنێتە ئاشكرابوون كە هەمووی پاشكەتوو‌ودۆگماونەزانینە،گەشەكردنی ئەم جۆرە بیرانەش ئایندەیەك دێنێتە ئاراوە كە لە حاڵی ئێستماندا خراپتر دەبێ،بۆیە لە بری كۆتایدا هەر ئەوە ماوە بڵێم كە پێویستە خوێندكاری زانكۆ زانست وەرگروزانیاری دەرووێل بێت بەدوای خۆ رۆشنبیركردن نەك كورسی گرولایەنی درۆیی بگرێت،یانەی خوێندكاران‌وقوتابیان خۆ هۆڵی سینەماوناوشە مەنەفەروفرۆكە نی یە وە هەموو خەڵك‌وخوێندكاری زانكۆش دەزانێت كە كورسی بۆ كەس ماڵ نیە تا بۆ ئەو ماڵ بێت وە بۆكەسیش نەبووە ناش بێت جا تابڵێن ئەو كورسیە گیراوە.!

كوردستانی باشوور_شاری هەولێر

2006/1/22 _یەكشەمە

**pdfMachine**
**Is a pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, if you can print from a windows application you can use pdfMachine.
Get yours now!